هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق
مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٤٦) لە ٢٠٢٠/٢/١٢

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٢) لە ٢٠٢٠/٢/١٢، و لە چوارچێوەی پڕۆژەی ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی داهاتە گشتییەکانی هەرێم و برەودان بە شەفافیەتی زیاتر لەم بوارە، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. کردنەوەی ئەژمێری بانکی لە ژێر ناوی (وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق) لە بانکی Citibank N.A و یان هەر لقێکی دیکەی باوەڕپێکراوی ئەو بانکە لە وڵاتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو.

٢. بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ڕێپێدراو دەبێت بە گشت دەسەڵاتێکی پێویست بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی (١)ی ئەم بڕیارە بۆ ڕێکارەکانی کردنەوەی ئەژمێری بانکی و دەسەڵاتی واژووکردن لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان و پێوەری نێودەوڵەتیی کارپێکراو.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران